# شەونم

## هۆنراوەی (19)

صحن بستان ذوق بخش و صحبت یاران خوش است

باغەکان پڕ شەوق و زەوقن هاودەمی یارانە خۆش
فەسڵی گوڵ خۆش بێ لە وێ ڕا مەی لە گوڵزارانە خۆش
بای بەیان بۆن و بەرامی گیان و دڵمان خۆش دەکا
هەر بە ویش بۆنی هەناسە و ڕووی هەوادارانە خۆش
بووکی گوڵ تارای لەسەر ڕوو لانەداوە کۆچ ئەکا
ناڵە کە بولبول کە ناڵەی دڵ بریندارانە خۆش
تەیری شەوخوێن موژدە بێ چونکێ لە ڕێبازی ئەوین
بۆ دڵی یار ناڵەیی شەوگاری بێدارانە خۆش
من لە دەنگی سوێسنی ئازادە را وا دێتە گوێم
پێم دەڵێ لەو رێیە دا هەر کاری سووکبارانە خۆش
کوا لە بازاڕی جیهاندا خۆشدڵی, بشبێ ئەگەر
دابی رەندی و خۆش و بێشی و شوێنی بێعارانە خۆش
تەرکی دنیاکردنە حافز نیشانەی خۆشدڵی
گیانەکەم پێت وا نەبێ حاڵی جیهاندارانە خۆش

**حافزی حەقیقی**